**پەتای پیسخۆریی**

**Source: kurdistanpost.com & facebook.com /3kontrakt**

لوتکەی پیسخۆریی تێکەڵاوبوونی دەستەڵات و کۆمپانیایە. کە ئەم دووانە دیوارێک لە نێوانیاندا نەما وەکو ئەوە وایە ئاوی خواردنەوەو زێراب تێکەڵاو ببێت. لە هەردوکیان پەتای کوشندە دەکەوێتەوە. کۆمەڵگای ئێمە ئێستا لە ناو ئەم پەتایەدا دەژی. ئەم گرفتانەی ئێستا ناو دەبرێن بە قەیران ئەنجامی هەڵە یان کاریگەریی لاوەکیی و سروشتیی نین، بەڵکو پەتای تێکەڵاوبوونی دەستەڵات و کۆمپانیان. هەر یەکێک لە دانیشتوانی کوردستان نیشانەکانی پەتاکە دەناسێتەوە. بۆ نموونە:

خاوەن کۆمپانیایەک بە سەرۆکی دەزگایەک دەڵێت تۆ پرۆژەیەک بەرز بکەرەوە کە پێویستان بە فڵانە شتە ئیتر ئەوی تری هەقت نەبێت بەسەرەوە.

کارەکە بە هەردوو قاچ، قاچێکی کۆمپانیاو قاچێکی دەستەڵات، وەکو رۆن دەڕوات بەڕێووە. لەم رێگایەوە پارەیەکی باش دەبرێت. ئەو ئیشانەش کە هەر حکومیین، وەکو دروستکردنی قوتابخانەیەک، بێ قاچ لەسەر مقەبایەک دانیشتوون و چاوەڕێن خێریان پێ بکرێن.

ئەنجام:

ئەوەی باسی چاکسازیی دەکات پێویستە لە جیاکردنەوەی دەستەڵات و کۆمپانیاوە دەست پێ بکات.

ئەوەی باسی سیاسەت دەکات پێویستە لەوێوە دەست پێ بکات کە دەستی لەگەڵ کۆمپانیاکاندا تێکەڵاو نییەو موڵک و پارەی حەرامی لا نییە.

ئەو کەسەش کە دژی پیسخۆرییە ئەرکێتی کە ئەو داواکارییانەی هەبێت و رێگا نەدات بێڕێزیی پێ بکرێت.

سەنتەری لێکۆڵینەوەی کۆنتراکت

3kontrakt@hotmail.se

2014-02-12